# هەر کەسێک کە بیەوێ پێشەنگی چاکسازی و گۆڕان بێ، پێویستە زۆر بەشارەزایانە چوار چێوەی زەینی خۆی بگۆڕێ

خالید ئەحمەد ئاسنگەر
لاهای، 14 فێبریوەری 2009



ئەنتۆنی ڕابێنزی ئەمریکی پێی وایە بەگۆڕینی زەینی خۆمان دەتوانین لە ڕابردووە تاڵەکانمان دەرس و حیکمەت هەڵێنجین و گۆڕان لەخۆمان بەدی بهێنین.
لای هەموانمان ڕوونە کە ڕابردووە تاڵەکان چەندە کاردانەوەی خراپیان لەسەر ڕوحیەت و مەغزی مرۆڤی کورد بەجێ هێشتووە. میللەتەکەمانە پێویستی بە کەسانی هۆشمەند و پێشەنگ هەیە بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە زۆر بە ئاگایانە بگۆڕن. پێویستە بەلێزانیەوە نیشانی دەن کە هەموو ئەو ڕووداو و ئەزموونە ناخۆش، نەخوازراو و نارەحەتکەرانە دەتوانرێت لە ڕێگەی کردارەوە لە بوارێکی ترەوە ئەنجامی زۆر باش بەدەست بدات. هەروەها پێویستە ئەو چوار چێوە زەینیەی کە سەر چاوەکەی لە ئەزموونی ڕابردووە وەرگرتووە ناوەڕۆکەکەی بگۆڕدرێت. بەواتا مانای هەمان ئەو دۆخانە بگۆڕین کە وەکو خۆی دێنەوە بیرمان.

بۆ ئەوەی مرۆڤێکی بەدیهێنەر و پێشرەو بین پێویستە بەرێگای بەسود و بەکەڵک سەرچاوەکان بەگەڕ بخەین. بۆ چاکسازی کردن و گۆڕینی چوار چێوە زەینیەکانی خۆمان و میللەتەکەمان پێویستە شارەزا و لێوەشاوە بین. لەبەر ئەوەی ئاکامی خراپ کەڵک وەرگرتن لە سادەی و دڵسۆزیمان ئازاری زۆری داین پێویستە لە ئایندە دا باش کەڵک لە دڵسۆزی میللەتەکەمان وەرگرین. با هەموومان لەو پرۆسەیەدا خۆ بە بەرپرسیار بزانین، چونکا لە گۆڕان و چاکسازی میللەتەکەمان هەموومان تێیدا براوە دەبین.
با ئەوانەی کە دەیانەوێ پێشەنگی چاکسازی و گۆڕان بن، سەرەتا بە شارەزایانە چوارچێوەی زەینی خۆیان بگۆڕن تاکو بە کردار نیشانی خەڵکی کوردستانی بدەن کە دەتوانرێ؛
لە جێگای کۆنە قین خۆشەویستی بچێنین.
لە سەر پنجی هەر درکێک، گوڵێک موتربە بکەین.
لە جێگای گومان و تەوهین، لۆجیک بەدی بکەین.
لەجیاتی توند و تیژی، دیالۆگ بەکار بێنین.
لە جێگای لە یەک کەمکردنەوە، ڕێز لە ڕای جیاواز بگرین.
لە جیاتی تانە و تەشەر یا پێدا هەڵدان لەگەڵ ڕەخنەی بنایت نەر خۆ ڕابێنین.
لە جیاتی ڕیسوا کردن، ووشیار کردنەوە بەکار بێنین.
لە جیاتی ڕەتکردنەوەی ئایین بەبێ زانیاری، قورئان باشتر دیراسە بکەین.
لە جیاتی قسە ووتن بە شێخ، دەروێش و مریدەکانیان ڕۆشەنبیر بکەین.
لە جیاتی دژایەتی ئاغا، زەوی بۆ جوتیار و مەکائن بۆ کشتوکاڵ دابین بکەین.
لە جیاتی ئیرەی بردن بە دەوڵەمەندی مفتە خۆر، کرێکار پر کارو بەرهەمهێن بکەین.
لەجیاتی سەرمایەداری سەرچاوە نادیار، هەژاری بە عیزەت بە بەرز چاو لێکەین.

لە جیاتی درێژەدان بەرک لە کۆنە جاش، ڕوحیەتی پێشمەرگایەتی بە بەرز و پیرۆزی ڕاگرین.
لە جێگای بارەگای حزب، ماڵی گەڕەک و ئەنجومەنەکان ئاوەدانتر بکەین.
لە جیاتی بە حزبی کردن، هەستی هاووڵاتی بوون، سەندیکا و ڕێکخراویی زیاتر پەرە پێدەین.
لە جیاتی تەزکیەی حزبی، ڕابردووی مرۆڤ دۆستی و کوردایەتی لەبەر چاو بگرین.
لە جیاتی واستەو خزم خزمێنە، کەسی گونجا و لەشوێنی گونجاو دانێین.
لە جیاتی شەهادەی بێ ناوەرۆک و قولابی، ئەزموون و کار لەبەر چاو بگرین.
لە جیاتی منداڵی دواکەوتووی مەسئولان، منداڵی بەهرەمەندی شەهیدان بۆ خوێندن بنێرین.
لە جیاتی کەسانی نا مەسئول، دەوڵەمەندی نیشتیمان پەروەر و وەبەرهێن پێ گەیەنین .
لە جیاتی بەکار هێنان، بەرهەم هێنبین و جیاوزی لە نێوان شار و لادێ نەهێڵین ، هاوشانی ڤیلا و باڵە خانەکان، کارخانەکان وەکار بخەین.
لە جیاتی.................................................
لە جیاتی...............................................هتد.

---

<u>تێبینی:</u>

ئەنتۆنی ڕابێنز لە کتێبی بەرەو خۆش بەختی لەبەشی چاککردنەوەی چوارچێوەکانی زەین لەسەر ئەوە داکۆکی دەکات (کە زۆربەی مرۆڤ بەپێی ئەزموونی پێشووی ڕووداوەکان مانا پێدەدات. هەرکاتێک ئەو چوارچێوەیە وەلا بنێت کە خووی پێوە گرتووە مانای نوێتر بە ژیان دەبینێ).